# کورتەیەک لە بارەی مانگە دەستکردەکان

ئامادەکردنی
شەوبۆ محەمەد



تا ساڵانی شەستەکانی رابردوو، بۆ پەیوەندییە ئەلکترۆنیەکان پشت بە تۆری کێبڵ یاخود ئاماژە رادیۆییەکان دەبەسترا. دیارە ژمارەی هێڵەکانی کێبڵ ئەو کاتە سنووداربوون و ئاماژە رادیۆییە نێردراوەکانیش بەهۆی کەش و هەواوە کپ دەبوونەوە و لەهەموو حاڵەتەکاندا جۆری پەیوەندییەکان خراپ بوون. لە ساڵی 1954 دا زاناکان لە بواری تیۆریدا بیرۆکەی مانگی دەستکرد و بەکارهێنانی ئەو مانگەیان بۆ بواری گەیاندن خستە روو، کە بەهۆی ئەو مەودا بەرزە مانگی دەستکرد تیایدا کاردەکات دەکرێ پەیوەندییە ئەلکترۆنیەکان لەنێوان ژمارەیەک وێستگەدا دابینکرێت بە پێچەوانەی تۆری کێبڵ کە تەنها دوو وێستگە بەیەکتریەوە دەبەستێتەوە.

## جۆری مانگە دەستکردەکان

مانگی دەستکردی (Passive) کەلە ساڵی 1960دا هەڵدرا یەکەم مانگی دەستکردبوو بۆ بواری پەیوەندییە ئەلکترۆنیەکان بەکاربهێنرێت، بەڵام مانگێکی دەستکردی ناکارابوو. لە ساڵی (1964)دا مانگێکی تری دەستکرد هەڵدرا لە شێوەی باڵۆنێکی گەورەدا تیرەکەی (32)مەتربوو بەرگێکی ئەلەمنیۆمی رووپۆشکراوبوو، ئەم مانگە بە بەرزایی (1610)کیلۆمەتر بە دووری گۆی زەویدا لە گۆشەیەکی فراوانتردا دەسورایەوە. ئاماژەکانی لە گۆی زەوی وەردەگرت و بۆ شوێنە دیاریکراوەکانەوە دەینارد. بەڵام ئێستا بەهۆی کێشەو گرفتی زۆری تەکنیکی و کارکردنیان مانگە دەستکردە ناکاراکان کەبە (Echo1)و(Echo 2)ناسراون لە لایەن هیچ وڵاتێکەوە بەکار ناهێنرێن.

## مانگە دەستکردە کاراکان Active Satellites

ئەم مانگە دەستکردانە وەکو وێستگەی بەهێزکردن وان، هەتا ئاماژەی وێستگە دیاریکراوەکانی سەر زەوی وەرنەگرن و بە شێوەیەکی گەورەترو بەهێزتر بۆ وێستگەکانی مەبەستی دەنێرن و یەکێک لە کارەکانیان گواستنەوەی پەخشی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنە بۆ وڵاتانی جیهان.

## خولگەی مانگە دەستکردەکان

خولی مانگە دەستگردەکان لە



چوارچێوەی یاسای (کیبلر)ن کە جوڵەی ئەستێرەکان دەستنیشان دەکەن و بە گوێرەی ئەم یاسایە مانگی دەستکرد چەندە لە خولگەیەکی بەرزتربێت خێرایەکەی کەمتر دەبێت. بۆ نموونە مانگی دەستکردی (Echo1)بەهۆی نزمی خولگەکەی بە خێراییەکی زۆر بە دەوری گۆی زەویدا دەسورایەوە بۆیە پێویست بوو ئانتینی وێستگەکانی زەمینی تازۆر بە وردی چاودێری جوڵەی بکەن ئەگەرنا شوێنەکەیان وندەکرد، بەڵام ئەو مانگە دەستکردەی لە بەرزایی (36000)هەزار کیلۆمەتر بەدەوری گۆی زەویدا دەسورێتەوە سورەکەی (3)سەعات و (56)دەقیقە دەخایەنێت، بەڵام ئەگەر مانگی دەستکرد لەسەر هێڵی نیوەگۆی زەوی (خط الاستواء) بێت ئەوا سورەکەی (24) سەعات دەخایەنێت و لە لایەن چاودێرانی وێستگە زەمینیەکان وەک ئەوە وایە مانگی دەستکرد لەیەک شوێندا جێگیربێت چونکە خێرایی خول خواردنەوەکەی هەمان خێرایی سورانەوەی گۆی زەوییە بە دەوری خۆیدا. زۆربەی مانگە دەستکردەکانی تەرخانکراو بۆ بواری پەیوەندییەکان بەسەر ناوچەی هێڵی نیوەگۆی زەویدا دەفرن چونکە بە بەردەوامی لە وێستگە زەمینەکانەوە دەکرێت لە خاڵێکی دیاریکراودا ئانتێنەکان ئاراستەی مانگە دەستکردەکان بکرێت.

ئەم مانگە دەستکردانە جەنجاڵترین رووبەری گۆی زەوی دادەپۆشن کە دەکەوێتە نێوان هێڵی نیوەگۆی زەوی و هێڵی پانی (60)پلە.

وزەی کارکردنی مانگی دەستکرد بریتییە لە تیشکی خۆر کە لە رێگەی خانەکانی خۆرەوە تیشکەکە دەگۆردرێت بۆ تەوژمی کارەبا.

ناردنی ئامازەی وێستگە زەمینیەکان بۆ مانگی دەستکرد ئامازەی بەهێزو خێران و ئامازەکانی لە چرکەیەکدا (300000)سێ سەد هەزار کیلۆمەتر دەبرن بەڵام لە ناردنەوەی هەر ئامازەیەکدا لە لایەن مانگی دەستکردەوە لەهەر چرکەیەکدا (120)لەکاتی تەلەفۆن کردن بۆ دەرەوە بەتایبەتی وڵاتانی دوور هەستی پێدەکەین.

## تەکنیکی مانگی دەستکرد

تەختەکانی وەرگرتنی تیشکی خۆر لە مانگە دەستکردەکان بە بەردەوامی روو لە خۆرن و تیشکەکەی وەردەگرن و دەیگۆرن بە تەوژمی کارەبایی و پلەی گەرمی ناوەوەی مانگی دەستکرد پلەیەکی نەگۆرە ئەمەش بەهۆی هەستیاری ئامێرەکان و ئامێری ساردکرەوە وگەرمکەرەوەیان بۆ دانراوە، بەڵام رووی دەرەوەی بە ماددەیەکی بەرگەگری گەرمی خۆر رووپۆشکراوە. ئانتێنی مانگە دەستکردەکان دووجۆرن ئانتێنی وەرگرتن و ناردن جیاوازن لەیەکتر. ئانتێنەکانی ناردن لەشێوی سێڵن (صحن)و ئامازەکان بۆ وێستگەکانی سەر زەوی دەنێرن.

ئەندازیاران بەهۆی ناردنی ئاماژەی فەرمانپێدان دەتوانن ئانتێنی مانگە دەستکردەکان بەرەو هەرخاڵێک بیانەوێت ئاراستەبکەن، مانگە دەستکردەکان ئامێری گەورەکردنی ئاماژەی وەرگیراوییان تیایەو بە قەبارەی دەیان ملیۆن جار لەکاتی ناردنەوەیان ئاماژەکان گەورەتر دەکەن.

دیارە مانگە دەستکردەکان لەیەک کاتدا ژمارەیەکی زۆر ئاماژە وەردەگرن بەڵام بەهۆی شەپۆلە مایکرۆییەکان (Microwave)هیچ تێکەڵ بوونێک لە ئاماژەکان روونادات.

لە زۆربەی مانگە دەستکردەکان لەرەلەری ئاماژە وەرگیراوەکان دەگاتە (6 میگاهرتز)و لەرەلەری ئاماژە نێردراوەکانیش دەگاتە (4 گیگاهرتز)و لە هەندێک باریشدا دەگاتە (6 – 7 گیگاهرتز).

وێستگە زەمینیەکان کە بە بەردەوام روو لەزیادبوونەو لە رێگەی ئانتێنی گەورەکە لە شێوەی سێڵن (صحن)و تیرەیان دەگاتە (30)مەترو بۆ مانگە دەستکردەکان ئاماژە دەنێرن و وەریدەگرن و بە هەموو لایەکدا دەبزوێندرێت.

کاری وێستگە زەمینیەکان ناردن و وەرگرتنی ئاماژەکانە لەگەڵ مانگە دەستکردەکان، ئاماژەکانی بریتین لە پەیوەندییەکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت و فاکس و پەخشی تەلەفزیۆن و چاودێریکردنشوێنەدەستنیشانکراوەکانە لەسەر گۆی زەویدا.... هتد. ئەمرۆش شێوازی وەرگرتنی ئاماژەی مانگە دەستکردەکان گۆڕاوە و بێئەوەی پێویست بە وێستگە زەمینیەکان بکات دەتوانین راستەوخۆ لە ماڵەکانمانەوە ئاماژە لە مانگی دەستکردەوە وەربگرین ئامێری سەتەلایت نموونەیەکە کە راستەوخۆ بەبێ هیچ وێستگەیەکی زەمینی ئاماژە لە مانگی دەستکردەوە وەردەگرێت.

سەرچاوە / ئینتەرنێت

## نووسەرانی بەرێز، بۆ ناردنی بابەتەکانیان:

## تکایە سەرنجی ئەم خالانەی خوارەوە بدەون

گۆڤاری گەیاندن ئەم بوارانە لەخۆ دەگرێت:

١. سیستەم و جۆری بگۆڕەکان بە هەموو جۆرەکانی (نۆرمال، مۆبایل، وایەرلێس)
٢. ئینتەرنێت و جۆرەکانی ISP
٣. IT بە هەموو بوارەکانی
٤. تەراسول و مایکرۆویف
٥. تۆری کێبلات: دەنگی، کێبلی روناکی
٦. پۆست
٧. کاریگەری گەیاندن لە سەر لایەنەکانی ژیان.
٨. کاریکاتێر

لە نوسینی بابەتەکان رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکەن:

١. ئەگەر بابەتەکەت وێنەی پەیوەست بە بابەتەکەی هەبوو، باشتر وایە بنێری یا لە ناو فۆلدەرێکی جیا بێت و لە ناو نوسینەکەشت ئاماژەی بە شوێنی وێنەکە پێ بکەی.
٢. نوسینەکان یا بە فۆنتی زانست بێت(بە پرۆگرامی «MS Word» بابەتەکە بنوسەوە).
٣. ئەگەر بابەتەکە وەرگێردراو بوو، ئاماژە بە سەرچاوەکان بکرێت، و ناوی نووسەری سەرەکی بنوسرێت و دەقی بابەتەکەش بنێرن.
٤. هیچ بابەت و وێنەیەک ناگەرێندرێتەوە و ئەبێتە موڵکی ئەرشیفی گۆڤار.
٥. گۆڤار ئازادە لە دارشتنەوەی بابەتەکان .

نووسەرە بەرێزەکان دەتوانن پەیوەندی بە بەرێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی وەزارەت بکەن.یا خود بە ئیمەیلی info@moc-krg.com بابەتەکانیان بۆمان بنێرن.

تێبینی: هەر بابەتێک کە بڵاو بکرێتەوە، نووسەرەکەی پاداشت دەکرێت.